## تەنیا ئەو پارانەی بە ناڕەوا لە گیرفانی بەرپرسیارانی حزبی و حکومی کوردستاندان بەشی کارەبا و ئاو و هەموو پێویستەیەکانی تری گەلی کوردستانن

هیشام ئاکرەیی

پێویست ناکات ئەو شتانەی گەلی باشووری کوردستان و هەموو هاولاٌتیانی کوردستان دەزانن دووبارەیان بکەینەوە، هەروەها پێویست ناکات باسی گەندەڵی ڕووت بکەین، چونکە ئەو وشەیە مانای گۆڕاوە و منداڵێک لە کوردستان تا سەرۆکی کوردستان و سەرۆکی عێراق دەزانن کە هەیە و زۆربەی ئەو پرۆژانەی لە کوردستان جێبەجێ دەکرێن و ئیمزای بەرپرسە گەورەکانی کوردستان لەسەریانە، پارەکانیان فەرهوود کراون و لە ورگی خودی ئەو بەرپرسیارانەدا دەخولێتەوە.

ئەو کاتە دەتوانین ناوی گەندەڵی لە کردەوەکانی هەندێ بەرپرسیار و فەرمانبەر بنێین کە بکەرەکان تا ڕادەیەک شاراوەبن و هیچ بەڵگەیەک لە بەر دەستی جەماوەر و دەسەلاٌتدا نەبێت تاوەکوو بیان گرن و سزایان بدەن. بەلاٌم ئەوەی لە کوردستاندا دەکرێت عەرەب وتەنی (مع سەبق الاسرارە). بەو واتایە ئەو دزی و پارە لێدانەی لە کوردستاندا دەکرێت لە پێش چاوی هەموو بەپرسیارانی حزبی و حکومیدا دەکرێت و تاوانباران ئاشکران و دەیان بەڵگە لای جەماوەر کۆبۆتەوە، هەر چەندە خودی تاوانەکە پێویست بە بەڵگە ناکات، چونکە دزانی کوردستان و گەندەڵکاران ڕاستەوخۆ بەڵگە لە سەر کارە بەدرەوەکانیان بە جەماوەر دەدەن.

بەپرسیارانی دز و گەندەڵکار، ئەو پارانەی دەدزن دەکەنە خانوو، ئۆتێل، کارخانە، سوپەرمارکت، زەوی، دوکان و ئەگەر لەو ئاستە دەرچوو دەنێرنە دەرەوە و پارە دزیوەکانیان لە بانقەکان دادەنێن. چەند بەپرسیارێکی فێڵبازیش مولک و ئەملاکەکانیان لەسەر ناو برا یان خێزانەکانیان دەنووسن. هەلبەتە تاوانباران و گەندەڵکاران ئاشکران و هەمووووو جەماوەر دەیان ناسن، ئەوەی سەیر لە بەزمەکەدا هەندێ لە بەرپرسیاران شانازی بە قەسر و خانوو سەروەتو سامانە دزیوەکەشیان دەکەن و بێ شەرمانە بە خەڵک دەڵێن ئەمە خانووی منە، یان ئەوانە خانووەکانی منن.

ئاشکرا بوونی دزەکان لە ئاشکرابوونی کردەوەکانیان هاتووە، ئاشکرا بوونی بکەرەکانیش لەوەوە هاتووە کە هیچ لێپرسینەوە نییە. نەبوونی لێپرسینەوەش لەوەوە

هاتووه کە خودی کەسانی بەپرسیارن گەندەڵی دەکەن و ماڵی گەل دەدزن.... لێرەدایە سەرانی پارتی و یەکێتی ناتوانن چاکسازی بکەن و کۆتاییەک بۆ ئەو گەندەڵیە دابێنن. کەواتە دزەکان لە گەڵ دەسەڵات شەریکن لە دزی و گەندەڵیەکەدا و هەر بۆیەش ئەوانەی گەندەڵی چارەسەر ناکەن، تاوانبارن و گومانی ئەوەیان لێدەکرێت کە ئەوانیش لە گەندەڵیەکەدا بەشداربن.

هەر بۆیەش بە ڕاشکاوی دەڵێین ئەگەر سەرۆکی عێراق و سەرۆکی کوردستان کۆتاییەک و سنوورێک بۆ ئەو گەندەڵیە دانەنێن واتای ئەوە دەکەیەنێت کە یان ئەوانیش بەشدارن لە کارەکەدا یانیش گەندەڵیەکە و گەندەڵکاران لە ئاستێکی ئەوەندە بەرزدان کە خودی سەرۆکی عێراق و کوردستان ناتوانن سزایان بدەن. هەر کاتێک بارودۆخەکەش گەیشتە ئەو ئاستە دەبێ خودی سەرۆک و کەسانی پاکی کوردستان بۆ جەماوەر بگەڕێنەوە و داوا لە جەماوەر بکەن ئەو گەندەڵکارانە سزا بدەن...

خاڵێکی تر کە پێویستە بوترێت ئەوەیە کە نابێ چەماوەر بیانۆیەکانی دەسەلأت قبۆڵ بکات و باوەڕ بکات بەوەی کە گوایە دەسەلأتی کوردستان وپارتی و یەکێتی پارەی پێویستیان نییە تاوەکوو ئەو هەمووئاو و کارەب و خزمەتگوزاریەکانی تر بۆ هەموو شارەکانی کوردستان و جەماوەر دابین بکەن. لە وەلأمی ئەو خالەدا دەلێم، ئەگەر پارتی و یەکێتیەوە تەنیا ئەو پارانەی کە بەپرسیارەکانیان دزویانە بۆ جەماوەر بگەڕێننەوە، بەشی هەموو کوردستان دەکات.

با جەماوەری هەر شارێکی کوردستان داوای پارەکانی پەرپرسیارانی ئەو شارە بکات

با ئەو پارانەی بەر پرسیارانی شاری چەمچەماڵ لە پرۆژەکانی ئەو شار دزیویانە بۆ ئەو شارە بگەڕێننەوە

با ئەو پارانەی بەرپرسیارانی شاری ئاکرێ دزیویانە بۆ دابینکردنی کارەبا و ئاوی ئاکرێ تەرخان بکرێت...

ئەو سەروەتەی دەسەلأتدارانی پارتی و یەکێتی هەیانە موڵکی جەماوەرە و دەبێ بۆ جەماوەر بگەڕێتەوە.

تاوەکوو سەرۆکی عێراق و سەرۆکی کوردستان، پەرپرسیارانی دز سزا نەدەن و ئەو پارانەی دزیویانە لێیان نەسێننەوە، گەندەڵی هەر دەمێنێت و متمانەی جەماوەریش لە دەست دەدەن...

ئەمڕۆ هەموو منداڵانی کوردستان دەزانن، بەرپرسیارانی حزبی دزن...

ئەمرۆ هەموو گەنجانی کوردستان دەزانن، نەسیبیان لە سامانی کوردستان لە گیرفانی بەپرسیارە حزبیەکان و حکومیەکاندایە

ئەمڕۆ هەر کەسێک سواڵی بانزین یان ئاو یان کارەبا لە بەرپرسیاران دەکات، باش دەزانیت کە ئەو بانزین و کارەبا و ئاوەی بە سواڵی پێ دەدرێت بەشی ئەوە و خودی ئەو بەپرسیارە لێی دزیوە....

جەماوەر نابێ سواڵی لە پارتی و یەکێتی بکات، سامانی جەماوەرە لە ورگی بەپرسیارندا و دەبێ بۆ جەماوەر بگەڕێتەوە...

شۆڕش بە گرێ ناکرێت.. و هەر کەس تەنیا دەبێ حەقی خۆی ببات... تا کەی لاسایی سەددام قبۆڵ دەکرێت و ئەگەر بەڕاستی ئەوانەی شەڕی سەددامیان دەکرد دژی سەدام بن، ئەی بۆ زۆربەیان لاسایی سەددام دەکەن.